
# گۆرانیبێژی میللی دەنگخۆش ئیبراهیمی قادری



## گۆرانی کوردی دەریایەکە چەندی لێبخۆیەوە کۆتایی نایەت

ئا: عەبدولی حەمەباقی

وەکو خۆشەویستی و وەفاو خولیای خۆم، لە مێژبوو دەمویست هەواڵی گۆانیبێژی میللی هونەرمەندو دەنگخۆشی کوردستانی ئەو دیو کاك ئیبراهیمی قادری بزانم، ئەوەبوو لە ڕێی کاك یونسی بوراقی-یەوە داوام لە کاك ئیبراهیمی قادری کرد کە لە هەواڵ و چالاکییەکانی خۆی ئاگادارمان بکات.

دواتر هەر لە ڕێی کاك یونس-ەوە، کاك ئیبراهیمی قادری نامەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و لێوانلێو لە بەستەو گۆرانی کوردی و وێنەیەکی جوانی خۆی بەدیاری بۆ ناردووم و منیش ئەم چەند سەربەندو عەتری گۆرانیانەم لێچنی و گوڵاوپڕژێنی دیدەو دەروونی هونەردۆستانی دەکەم.

زۆربەمان دەزانین کاك ئیبراهیمی قادری هونەرمەندێکی دێرینی دەنگخۆش و بەهرەمەندو بەسەلیقەیە، سەدان گۆرانی و چەندین کاسێتی تۆمارکراوی هەیەو لە زەماوەندەکاندا بەشداری بەرچاوی هەبووەو گەرمکەری کۆڕو مەجلیسی کۆمەڵی کوردەواریی بووە، چالاکی هونەریشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی شەستەکان بەدواوەو تا ئێستا گەرووی سازو لەباری چریکەی دێ و عەشق و ئاونگی خۆشەویستی لێدەتکێ.

دیارە ئەم بەڕێزەمان ساڵی 1935 لە گەڕەکی عیساکەندی سەر بە شاری مەهابادی ئەوکاتە هاتۆتە دنیاوە، لە بنەماڵەیەکی ناسراوو خانەدان و دەنگخۆشە، کەریم ڕەحمانی عەبدولقادری باوکی زۆر دەنگخۆش و بەناوبانگ بووە، مامۆستا هەژار لە کتێبی (چێشتی مجێوڕ)دا باسی باوکی کاك ئیبراهیمی قادری کردووە، دیارە کاك برایم هەر لە ڕێگەی باوکییەوەو بە هاندانی ئەویش ڕێچکەی گۆرانی گرتووە، هەروەکو خۆی دەڵێ کاتێ میوان دەهاتنە لای باوکم و گۆرانی بۆ دەگوتن منیشی بانگ دەکردو بە گۆرانی هاوکاریم دەکرد، ئەوکاتە ڕادیۆ لە مەهاباد نەبوو تا دواتر دامەزراو باوکم چەندین گۆرانی بۆ ئەو ڕادیۆیە تۆمارکرد، کاك ئیبراهیم دەڵێ: "بۆ یەکەمین جار ساڵی 1962 چوومە کوردستانی عیراق و یەکەم گۆرانی کە بە ناوی (هەی لە سێوە لاسوورە) بوو تۆمارم کردووە لەگەڵ چەندین گۆرانی‌تردا، زۆربەی سەربەندو دێڕە شیعرییەکان خۆم دامناون و هەمووشیان لە ناو کۆمەڵی کوردەواریی و ژیانی لادێ و زەماوەندەکاندا هەبوون و لەگەڵ دێڕەشیعرە فۆلکلۆرییەکاندا ڕێکمخستوون، ئەگەرچی دەست و پەنجەی موزیکیەکانی ئەوکاتە تەواو تورکی ئازەری بوون، بەڵام توانیومانە میلۆدی دەنگ و هەواکەی بگۆڕینە کوردی و لە دڵی گوێگرو بیسەرانیدا جێی خۆی بکاتەوە.

لەگەڵ هونەرمەندە ناسراوەکانی ئەوکاتە وەکو خواڵخۆشبوو مەلا حسێنی عەبدوڵلا زادە، سالە بۆکانی، سەید محەمەدی سەفایی، سەید برایمی سەقزی و سەید عەلی سەردەشتی و چەندینی‌تر زەماوەندم گێڕاوە.

کاك برایم دەڵێ: گۆرانی گوتن سەلیقەو توانای دەوێ کە بتوانی حاڵەتێکی وەها دروست بکەیت تەواو لەسەر پێی خۆت بووەستی و مۆرکی بەهرەمەندیی خۆتی تیادا دەربکەوێ و (خۆوێژی) بێت بەمانای بتوانی ماوەیەکی زۆر لەیەك کاتدا گۆرانی بڵێی، زیادە ڕۆیی ناکەم گەر بڵێم بێ پشوودان سێ سەعات گۆرانیم گووتوەو بەندەکانیشی هەموو لەبیرو مێشکی خۆمەوە دروستمکردوون و زۆریش جوان بوون، بە بڕوای من گۆرانی کوردی دەریایەکی فراوان و بێ بنە، هەرچەندی لێبخۆیەوە تینۆتیت ناشکێ و کۆتایی نایە، بەڵام بەو مەرجەی گۆرانیبێژان و هونەرمەندان لە ڕێچکەی فۆلکلۆر کەڵك وەربگرن و لانەدەن، جیهانی هونەری ئەدەب و گۆانی فۆلکلۆر زۆر دەوڵەمەندە، دەبێت کارێکی وابکرێت شێوازی گۆرانی ڕۆژئاوایی فەرز نەکرێت لەسەر موزیك و گۆرانی کوردی و ڕۆحی هونەری کوردی نەفەوتێنن.

سەبارەت بەکارو چالاکییەکانی ئێستاشی، کاك براهیم دەڵێ: "من هەمیشە عەشقی گۆرانی و جوانیی نیشتمانەکەم هانم دەدا دەست لەملانی هونەر بم و ئامادەی ناو مەجلیسی برادەران و زەماوەنەکان بم و گۆوەندیان بۆ گەرم بکەم، دیاریشە دەنگی من میللییەو لەگەڵ ئامێرە کوردییەکانی وەکو دەف و تەپڵ و نای و باڵەبان و جومبش و دایرەو ئەوانەدا سازدەبێت و دێتەوە، هەر ئەو جۆرە گۆانیانەش جەماوەری زۆریان هەیەو بۆ زۆر کات و زەماوەند لەبارن و لە گوێی بیسەرانیدا هەمیشە دەزرنگێنەوە.

دواتر لە کۆتایی قسەکانیدا ئیبراهیمی قادری زۆر سوپاسی بەندەی کردووەو هیوای پێشکەوتنی زیاتر بۆ (گۆڤاری پشوو) دەخوازێت.